# کۆتایی کۆبونەوەی چاک لە سویسرا

ڕۆژی یەک شەمە ڕێکەوتی ٢٠٠٥,٩,١١ ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک ـ کۆتایی بە کۆبونەوەی خۆیی هێنا بەبەشداری ١٨ ئەندام لە شاری زیورخ کەلە کانتۆنەکانی ( بێرن ـ ئاراو ـ سانگاڵن ـ شافهاوزن ـ تورگاو ) ەوە هاتبون .
لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا بەرپرسی ناوەند لەسەر بەرنامەو هەلسورانی دەورەی پێشو ئاخاوت و دوپاتی سەربەخۆیی بوونی کردەوە . لێپرسراوی لیژنەی ڕێکخستن پرۆژەیەکی تێروتەسەل بۆ زیاتر ئەکتیڤ کردنەوەی ناوەند پێشکەش کرد کە تیایدا چەندین خاڵی وورژاند بۆ گفتوگۆکردن . هەموو بەشدار بوان بە پێشنیارو گفتوگۆی بەشداریان کرد و بەم بڕیارانەی خوارەوە کۆتایی بە کۆبونەوەکە هێنرا : ـ

١ـ کۆشش بۆ بەڕەسمی ناسینی چاک لە ووڵاتی سویس .
٢ـ پارێزگاری لە سەربەخۆیی ناوەند بکرێت .
٣ـ تاوانبارن دەرهەق بە گەلی کورد ڕسوا بکرێن .
٤ـ کۆشش کردن بۆ کردنەوەی بنکەیەک بەناوی ناوەندەوە .
٥ـ کۆشش کردن بۆ زیاتر بەشدار بونی ژنان لە هەلسورانی کارەکانی ناوەندا .
٦ـ بەشدار بوون لە چارەسەری کێشەی نیوان هێزە سیاسیە کوردیەکاندا .
٧ـ ڕسواکردنی هەرلایەنێکی کوردستانی کە دەست تێکەلاوی داگیرکەرانی کوردستان بکات .
٨ـ یادکردنەوەی کارەساتە جەرگبڕەکانی نەتەوەی کورد .
٩ـ کۆشش کردن بۆ هاوکاری کردنی پەنابەرانی بێ وەڵامم .
١٠ـ بەرپاکردنی مەراسیم و بۆنە نەتەوەییەکان .
١١ـ پەیوەندی کردن بەو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆست و دژە جینۆسایدانەی وولاتی سویس .
١٢ـ ناساندنی چاک بە گەنجانی سویس لەڕێگای خوێندکاران و لاوانی کوردەوە .
١٣ـ سود وەرگرتن لە [www.kurdd.com](www.kurdd.com) بۆ کردنەوەی کۆرسی زمانی کوردی بۆ قوتابی سەرەتای .
١٤ـ ساز کردنی کۆنسێرت و پێکهێنانی گروپی هونەری میللی کوردی .

نوێنەرایەتی ناوەند لە وولاتی سویس : ـ

حاجی ئەنوەر
هاوژین عەلی
بهیە کاوە
وەهاب بهرامی
ستار عەبدولا
ملوک جعفری
عوسمان تازیک
هێرۆ حیدری
هیوا ناسیح
ئەیوب ڕەحمانی
نوعمان نەوجوان
ئەیوب عەبدولا